کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-6-2007 13:14

## حیزبایەتی ... سەلاح سەعید ئەمین

لە غیابی هۆشیاری و نەبوونی ئاگایی تەندروستدا سەبارەت بە کاری حیزبایەتی و ئامانج و مەبەست لە بە حیزببیوون و نەبوونی وەڵامی پرسیاری ئەوەی حیزبایەتی بۆچی؟ و لەو چوارچێوەیەشدا هەڵبژاردنی حیزبێکی دیاریکراو و وەلانانی ئەوانیتر بۆچی!.
گرفتی گەورە لە بارەی کاری حیزبایەتیەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕوویداوە و ڕوودەدات.
حیزب لە کۆمەڵگەی ئێمەدا جێگای "خوداوەند"ی گرتووەتەوە (پەنا بەخوا)، چونکە هەڵوێستەکانی، سیاسەتەکانی، پرۆژەکانی، هەڵسوڕاندنی ئاراستەی گشتی حیزبەکە و ئەندام و لایەنگرەکانی دەستەیەکی کەمی دیاریکراو تەحەکومی پێوە دەکەن، ئەوانیدی مێگەل ئاسا ڕێ دەکەن، ناپرسن لە ڕۆڵ و مەفعولی خۆیان، پرسیاری ئەوە ناکەن، باشە خۆ ئێمە ئەم بڕیارەی حیزبمان قبووڵ نییە و ڕای ئێمەی تێدا وەرنەگیراوە، ئیتر بۆ دەبێت چەپڵەی بۆ لێبدەین؟، ناپرسن ئێمە بۆ ئەم ئامانجە ئەم حیزبەمان هەڵبژارد؟ کەچی ئەم حیزبە زۆر شت دەکات کە ئەگەر نەڵێین ئەم ئامانجە وا نایەتەدی ئەوا عومری "نوح"ی (درود و سەلامی خوای لەسەربی) دەوێت تا بەوە بگەین کە دەمانەوێت.
حیزب لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زووزوو قەناعەت و بۆچوونەکانی گۆڕانیان بەسەردا دێت (گۆڕان لە فیکر و بۆچووندا شتێکی سروشتییە، بەتایبەت لە کایەی سیاسەتدا، بەڵام بە مەرجێك لە ئەنجامی گەشەکردنێکی سروشتییەوە سەری هەڵدابێت، قەیرانی ئەم زوو گۆڕانەی فیکر و بۆچوونەکانی حیزب لەوە دایە سروشتی نین، لە ئەنجامی بارودۆخ و واقیعێکی تەندروستەوە نەهاتوون، بەڵکو زۆرجار ئەمری واقیع ناچاریان دەکا ئەو فیکر و بۆچوونە هەڵبژێرن و لەم حاڵەتەدا ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکە ناڵێن ئەم هەڵپەرکێ شەل و شێتانەیە لە فیکر و قەناعەتدا بۆچی؟، لە پێناوی چیدا لەبری ئەوەی فیکر یاریزان بێت لە گۆڕەپانەکەدا "ڕووداوەکە" بووەتە یاریزان و یاری بە فیکر دەکات (ئەمە ئەگەر حیزب لە کۆمەڵگەی ئێمەدا فیکر و پرۆژەی هەبێت).
حیزب عەییار و مەکربازە کاتێك دەزانێت جەماوەرەکەی لێی سارد بووەتەوە و، زەمەنیش کاتی هەڵبژاردنە هەرچی ڕەخنەی لێ بگیرێت دەرویێشانە گوێی بۆ دەگرێت و ڕەنگە هەنگاویش بنێت بە ئاراستەی خواستی ئەندام و جەماوەرەکەیدا، بەڵێنی باش و دڵخۆشکەر بدات لەکاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا، بەڵام کە هەڵبژاردن ئەنجامدرا بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەوە ڕەفتار دەکات، کە پێش هەڵبژاردن سەری بۆ دەلەقاند، ئەگەر زۆر لوتفیشی نواند بە یاننامەیەك دەردەکات و دەڵێت "لەبەر بەرژەوەندیی گەل وامان کرد!"
مرۆڤ گەر لە پرسیارکردن کەوت ئەوە لە مرۆڤبوون کەوتووە، سەرەتای هۆشیاریمان لە پرسیارکردنەوە دەستپێدەکات، هەرکەس پرسیاری کرد و ڕەخنەی گرت ئەوە هۆشیارە، ئەوە مرۆڤە و کاریگەری هەیە لەم بوونەدا. بۆ ئەوەی تەجاوزی ئەم حاڵەتە سەقەتەی حیزبایەتی بکەین پێویستە پرسیار بکەین و بزانین خەریکی چین، ئیتر ئەو کات بۆ هەموو لار و وێرییەك پێمان ناڵێن بێدەنگ بن قیادە حەکیمە و بڕیاری حەکیمانەش دەدات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.